# وەزیری مافی مرۆڤ لەکێشەی کورتە باڵاکانی کۆڵیەوە



لە رۆژی 2007/5/15 وەزیری مافی مرۆڤ ( د . شوان مەحەمەد عزیز) لەگەڵ وەفدێکی کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی کوردستان کۆبۆوە..
لەم کۆبوونەوەیەدا وەزیری مافی مرۆڤ پشتگیری وەزارەتی لە یەکگرتنەوەی ئەم رێکخراوە راگەیاندو پێی باشبوو کە هەرچی زووە کار بۆ ئەم هەنگاوە بکرێ.
هەروەها سەرۆکی کورتە باڵاکان باسی لە هەندێ کێشەو گرفتەکانی ئەم رێکخراوە کردو راشیگەیاند کە پێویستە حکومەت چاوێکی لە ئێمە بێت بەتایبەت لەڕووی بژێوی و ژیان،چونکە توێژی ئێمە جیایە لەگەڵ توێژەکانی دیکە لەڕووی باری دەروونی و ویژدانیەوە0هەر لەو دیدارەدا وەفدی میوان داوایکرد ئەو کورتە باڵایانەی توشی نەخۆشی سەخت دەبن و چارەسەریان لە کوردستان نیە،دەکرێ بنێردرێنە دەرەوەی وڵات بەمەبستی چارەسەرکردن0لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ ئامادەباشی وەزارەتی دەربڕی کە هەرچی لەتوانادا هەبێ و بەپێی یاسا لەگەڵ سیستەمی وەزارەت بگونجێ بۆ ئەم کۆمەڵە بکرێ .